Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

# خۆپیێشاندانێک لە لایەن کومیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا

ڕۆژی دوشەممە ۲۹/۱۰/۲۰۰۷ کاتژمێر ۱۴ی دوانیوەڕۆ لە شاری بێرن پێتەختی سویس خۆپێشاندانێک لەلایەن کوردستانیان و دۆستانی گەلی کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە، بۆ دربڕینی نارەزایەتی خۆیان و شەرمەزارکردنی ئەگەری هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو، شایانی باسە کە ئەوخۆپیشاندانە لە لایەن کومیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا وە بانگەوازی بۆ کرا بو.

لە و خۆپیشاندانەدا کە زیاتر لە ۲۰۰ کەس بە شدارییان تێدا کردبوو، خۆپیشاندەران بەدانی دروشمی دژ بە شەڕ و داوای چارە سەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیە، بەرە و باڵیۆزخانەی ئەمریکا وەڕێ کەوتن و لە بەر دەم باڵیۆزخانەکە کۆبونەوە و بە خۆندنەوەی چەندین وتار و پەیام بە دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان درێژەیاندا، پاشان چەند کەس بە نۆنەرایەتی خۆپیشاندەران بڕیارنامەیەکیان بە زمانی ئینگلیسی تەسلیمی کاربەدەستانی سەفارەتی ئەمریکا کرد، کە بە هەندە وەلێیان وەرگیرا و بەڵێنییان پێدان کە کاربەدەستانی وڵاتەکەیانی لێ ئاگادار کەنەوە، مەتنی ئەو یادداشتنامەیە لە هەمانکاتدا بۆ بەشداربووان خوێندرایەوە، میتینگەکە بەدانی چەند دروشم وسرودی نیشتیمانی لە کاتژمێر ۱۵.۳۰ کۆتای پێ هات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی سویس**

**۲۹.۱۰.۲۰۰۷**





**Web:** www.komala.org
**Web:** http://komala1348swiss.blogspot.com/
**E-Mail:** komala.suisse@yahoo.de

**Tel:** 0041 76 50 16 106